سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەرئەچێت

10 Augustus 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
7 ژمارە
ساڵی یەکەم 10 ئابی 2018

# ئینستیتووتی خوێندنی کوردیی لە بەرلین
# شاکاری مەم و زینی ئەحمەدی خانی بە ئەڵمانی و ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە ...




پاش بەسەرکردنەوەی ئینستیووتی خوێندنی کوردیی لە بەرلین، کە چەندین ساڵە ئەکادیمیکار د.فەریاد فازیل عومەر سەرپەرشتی دەکات، لە گفتوگۆیەکی کراوەدا، پاش سەردانی هاوکارمان بەڕێز کاک حەمید بەدرخان سەرۆکی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانیە و کەلتور بۆ بەرلین، لەگەڵ بەڕێزیاندا، باسی ئینستیتووتی خوێندنی کوردیی لە (بەرلین)ی کرد و تیشکی خستە سەر ئەو بەرهەمانەی، کە زیاتر لە چل ساڵە پێشکەش بە نەتەوەی کوردی کردووە و چاپ و بڵاوی کردونەتەوە، کە بریتین لە فەرهەنگی کوردی– ئەڵمانی و ئەڵمانی– کوردی، بە هەردوو دیالێکتیکی سۆرانی و کرمانجی و وەرگێڕانی بەشێک لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیر بۆ سەر زمانی ئەڵمانی، لەگەڵ چەندین دیوانە شیعری خۆی بە زمانی کوردی و عەرەبی .... جگە لە ئامادەکردنی ئەلف و بێی کوردی ئیبراهیم ئەمین باڵدار، کە بگونجێ لەگەڵ ئەمڕۆی دنیای فێربوونی منداڵان، کە خۆی لە خوێندنەوەو نووسین دەبینێتەوە...سەرەڕای چەندین هەوڵ و تەقەلای دیکە، کە وەکو ئەکادیمیکارێک لەو بوارەدا خزمەتی بەرچاوی بە گەلی کوردستان کردووە...

سەبارەت بە مەم و زینی خانی، بە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی گوتی: کورد شاکاری زۆر مەزنی نوسیووە بە پێویستی دەزانم ئەکادیمیکارانی کورد وەریانبگێڕنە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا، منیش بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانیوە، کە ئەو کارە ئەنجام بدەم.




لەم چەند ڕۆژانەدا مەم و زینی ئەحمەدی خانی، کە خۆم وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزیەکەش بەهاوبەشی ئەنجامدراوە لە دوو کتێبی جیاوازدا، کە بەرهەمی شەونخوونی ماندوبوونی، سەرۆکی ئینستیتووتی خوێندنی کوردییە لە بەرلین... هەروەها لەلایەن هونەرمەندێکی کوردەوە 70 تابلۆ کێشراوە تایبەت بەم کارە...

خوێنەرانی خۆشەویست ئاگادار دەکەینەوە لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە فرانکفۆرت ڕێورەسمی بڵاوکردنەوەی هەردوو کتێبەکە لەلایەن ئینستیتووتی کوردیی لە بەرلین چاپدەکرێت و ڕادەگەیەندرێت... بەهیوای بەردەوامی دکتۆر فەریاد فازیل عومەر لە کارو دڵسۆزیان بۆ دنیای ڕوناکبیری و زمان و فەرهەنگی کوردی.

# ئیدیۆم چییە؟

# ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا...!!

نوسینی بەختیار شەمەیی

ئەمستردام

بەر لەهەر شتێک، دەبێت ئەوە بڵێم کە هەوڵ دەدەم ئەم بابەتە دووردرێژ نەکەمەوە و زۆر بەکورتی ئامەژەیەک بە ئیدیۆم و پێکهاتە و واتای ئیدیۆم و ئیدیۆمی کوردی بدەم.

وشەی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا تازەکورەیە، واتە مێژوویەکی کۆنی نییە. پێدەچێت لە دوای ساڵانی شەستەکانەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، بێگومان ئەوەش پێوەندیدارە بە چوونە دەرەوەی کەسانی شارەزا و چەندین خوێندکاری کورد بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان، بەتایبەتی بۆ یەکێتیی سۆڤیێتی جاران و ئاشنا بوونیان لەگەڵ سەدان چەمک و زاراوەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئەستێرەناسی و زمانەوانی و.....هتد دا، کە وشەی ئیدیۆم یەکێکە لەو وشە و زاراوە هاوردەکراوانە. شایانی باسە وشەی ئیدیۆم لە بنچینەدا لە وشەی ئیدیۆسی گریکییەوە وەرگیراوە، کە ڕیشەیەکی زمانەوانی و ویژەیی هەیە. بەڵام ئێستا بەگشتی وشەی ئیدیۆم لە هەموو زمانەکاندا باوە و بەکار دەهێنرێت. ئیدیۆم گرنگی و بایەخی تیابەتیی خۆی هەیە و شارەزایی و زانینی ئیدیم، نەک هەر بۆ زمانەوان و نوسەر و چیرۆکنوس و داستاننوس و ڕۆماننوسەکان، بەڵکو بۆ هەموو کەسێک پێویست و گرنگە، چونکە ئیدیۆم بەشێکی هەرە گرنگی پێکهاتەی هەر زمانێکە. لە زمانی کوردیدا هەتا ئێستا وشەیەکی گونجاو بۆ ئیدیۆم نەدۆزراوەتەوە یان بۆی دانەتاشراوە کە دروست پڕ بە واتای خۆی بێت. بەڵام بەگشتی، چەند وشە و زاروەیەک بۆ مانای ئیدیۆم بەکار دەهێنرێن، وەک، وشەی مانای خوازراو، وشەی خوازراوی مانادار، پێکهاتەی ئاڵۆز و مانادار، وشەی لێکدراو، دەستەوشەی مانای خوازراو و وشە یان دەستەوشەی دوو مانایی، بەکورتییەکەی ئیدیۆم وشەیەک یان چەند وشەیەکە، کە جگە لەمانا سەرەکییەکانی خۆیان، مانای خوازراوی دیکە و لێکجیاوازیش دەبەخشن. هەروەها هەندێک وتە و پەند و پەندیپێشینانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچنە چوارچێوەی چەمکی ئیدیۆمەوە. بەڵام ناکرێت بە ئیدیۆم بگوترێت، پەند، یان پەندیپێشیان.

چونکە پەند و پەندی پێشینان فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و وتەی سەربەخۆ و تەواوکراون و بەسەر یەکەوە واتایەکی راستەوخۆ و تەوا و مانادار دەبەخشن. بەڵام ئیدیۆم بریتییە لە وشەیەک یان چەند وشەیەک کە واتای راستەوخۆ نابەخشن و وشەیەک یان دەستەوشەیەک بۆ مانایەکی تەوا لێکجیاواز بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە وشەی تاک وشەیی کە وەک ئیدیۆم بەکار بهێنرێت، ، وەکو وشەی (کەر)، ئەم وشەیە جگە لەوەی کە بۆ ئاژەڵێکی جوارپێ و گوێدرێژ بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەک ئیدیۆم چەندین مانای جۆراوجۆریشی هەیە، وەک کە دەڵێین فلان کەس کەرە، واتا نەزانە، گێلە، گەمژەیە، هۆشکولە، کەرترە، بێ مێشکە، ناهۆشیارە، تێنەگەیشتووە.....هتد. یان وەک دەستەوشە و وشەی لێکدراو، وەک: دەستە وشەی (لە گوێی گادا نووستووە!) ئەم دەستە وشەیە، ئیدیۆمە، واتە لەڕووی زمانەوەانی و وشەسازییەوە بەسەر یەکەوە بە یەک ئیدیۆم دادنرێت و یەک مانای تایبەتیی دەبەخشێت. ئەم دەستەوشەیەش وەک ئیدیۆم، بە مانای گێل، نەزان، بێ ئاگا، ناهۆشیار، گۆشەگیر، خەڵوەتنشین، دوورەپەرێز....و هتد، بەکار دەهێنرێت. ئەم دوو نموونەیەی باسمان کردن، بۆ باشتر روونکردنەوەی مانا و چەمکی زمانەوانیی ئیدیۆم پێویست بوون. بێگومان زمانی کوردی لەبەرئەوەی خاوەنی گەلێک شێوەزاری لێکجیاواز و جۆراوجۆرە و کوردستانیش سەرزەمینێکی مێژوویی پانوبەینی جوان و دڵگیر و پڕ لە شاخ و دۆڵ و دەشتودەرە، لە ئیدیۆمدا گەلێک دەوڵەمەندە و بە هەزاران ئیدیۆممان بۆ هەموو بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووری و فەرهنگی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و شەڕوشۆڕ و گاڵتەوگەپ و بواری زەویناسی و سروشتی هەن. بەڵام جێگەی داخە هەتا ئێستا هەموو ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی لە فەرهەنگێکی گشتگیری زمانەوانی و زانستیانەدا کۆنەکراونەتەوە و لێیان نەکۆڵراوەتەوە. لێرەدا دەبێت ئەو راستییەش باس بکەین کە لەم چەند ساڵانەی رابووردوودا، گەلێک فەرهەنگی ئیدۆمی و لێکۆڵینەوە لەسەر ئیدیۆمی کوردی بەبەرهەم هێنراون و چاپ و بڵاوکراونەتەوە. هەر هەموویان مایەی دڵخۆشین و لەگەڵ ڕێز و سوپاس و پێزانینی زۆرمان بۆ رەنج و ماندووبوون و دڵسۆزیی نووسەرەکانیاندا، لەم کۆتاییەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین. (ئەوانەی کە ئێستا لە پەڕتووکخانەکەمدا هەن، رەنگە گەلێک فەرهەنگی ئیدیۆم و پەڕتووکی لێکۆڵینەوەی دیکەی ئیدیۆم چاپ و بڵاوکرابێتنەوە).

هەندێک لە فەرهەنگ و لێکۆڵینەوانە کە لە بواری فەرهەنگنووسی و ئیدیۆم و لێکۆڵینەوەی ئیئدیۆمدا بلۆکراونەتەوە:

١ –فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. عەبدولوەهاب شێخانی. هەولێر، ٢٠٠٩، دەزگای موکریان، ٣٤٥ لاپەڕەیە.

٢ –ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، جەلال مەحمود عەلی سوبحانی. بەرگی یەکەم و دووم و سێهەم. چاپی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان. سلێمانی. ٢٠١٢، ٥٤٣ لاپەڕەیە.

٣ –کۆمەڵێک ،پەند و ئیدیۆمی کوردی، زەکیە رەشید محەمەد ئەمین.چاپی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان. سلێمانی، ٢٠١١، ٢٨٦ لاپەڕەیە.

٤ –پەندی پێشینانی کورد، پەند و ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. ڕاڤە و لێکدانەوەی پەندەکان. ئامادەکردنی: زەکیە رەشید محەمەد. چاپی دووەم. سلێمانی، چاپی چوارچرا، ٢٠١٢، ٣٤٨ لاپەڕەیە.

٥ –ئیدیەمێت کوردی، صادق بهاالدین ئامێدی. چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، چاپا دووێ، ٢٢٨ لاپەڕەیە.

بەڕێزان، هیوادارم بەم کورتە نوسینە، دەستنیشانی مانای ئیدیۆم و پێکهاتەی ئیدیۆمی کوردیم بۆ کردبێتن و مەبەستەکە روون و ئاشکرا بێت. هەروەها ئەم کورتە نووسینەم بە پێویست و گرنگ زانی چونکە لەمەودوا، رۆژانە یان ناوبەناو، چەند ئیدیۆمێکتان لەگەڵ واتاکانیاندا بۆ چاپ و بڵاودەکەمەوە.

٢٠١٨/١/٦


**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە.

# رۆمانی یــاد، کچه بۆ مێژووه‌که

له لایه‌ن به‌ڕێز(Gerrit Brand) سه‌رۆکی ده‌زگای چاپ و په‌خشی (Nobelman)، که ئه‌رکی بڵاوکردنه‌وه‌ی رۆمانی (یــاد کچه بێ مێژووه‌که)ی (دکتۆر سه‌روه‌ر جوانرۆیی) له گرتۆته ئه‌ستۆ، ده‌رباره‌ی نوسه‌ر و ڕۆمانه‌که جه‌خت له‌وه ده‌کاته‌وه له‌به‌ر گرنگی و سه‌رنجڕاکێشانی بۆ ناوه‌ڕۆکی ڕۆمانی یاد و بڕیاری له‌چاپدانی داوه، پاشان خاتوو (Marieke de Ridder)، چه‌ند بڕگه‌یه‌کی له ده‌قی ناو ڕۆمانه‌که له‌و مێزگردێکدا خوێنده‌وه و باسێکی کورتی پاڵه‌وان و ڕووداوه‌کانی ناو ڕۆمانه‌که‌ی پێشکه‌ش به ئاماده‌بووان کرد، پاشان ڕووبه‌ڕوو گفتوگۆیه‌ک له نێوان دکتۆر سه‌روه‌ر و خاتوو ( Marcella Hart) دروست بوو، چه‌ندین چمکی شاراوه‌ی ناو ڕۆمانه‌که‌ی بۆ ئاماده‌بووان ئاشکرا کرد.

نوسه‌ر دکتۆر سه‌روه‌ر خۆی ده‌ڵێ: بۆچی ڕۆمانه‌که‌ی ناو ناوه (یاد)، له خوێندنه‌وه‌ی ڕۆمانه‌که ده‌رده‌که‌وێت بۆچی ناوم ناوه یاد... چونکه یاد له‌سه‌رده‌مێکی تاریکی مێژووی میلله‌ته‌که‌یدا هاتۆته ناو ژیانه‌وه، ڕه‌نگ بوو.. هه‌ر ئه‌و کاته ژیان له ده‌ست بدات، ڕووداوی ناو ڕۆمانه‌که له ساڵی 1987ه‌وه، ده‌ست پێ ده‌کات و سه‌ره‌تای ده‌ستپێکردنی نوسینی ڕۆمانه‌که به زمانی کوردی له ساڵی 1989 ه‌وه یه‌که‌م ڕه‌شنووسی له‌دایک بووه، واته پاش ساڵێک له کاره‌ساتی جینۆسایدی هه‌ڵه‌بجه و پرۆسه‌ی به‌دناوی ئه‌نفال بۆته هه‌وێنی نووسینی رۆمانی (یــاد کچه بێ مێژووه‌که).. ئه‌م ده‌ستنووسانه تا ساڵی 2007 لام مابوونه‌وه و جارێکی دیکه سه‌رله نوێ، ده‌ستم به نوسینی پرۆژه‌که‌ی کردۆته‌وه و به 7 ساڵ واته ساڵی 2014 پاکنووسی ڕۆمانی یاد ته‌واو بوو، به‌ڵام به زمانی هۆڵه‌ندی، که ئێستا ڕۆمانێکی قه‌باره گه‌وره‌ی 316 لاپه‌ڕه‌یی لێ ده‌رچووه و ساڵی 2015 له ده‌زگای چاپ و په‌خشی (Nobelman) بڵاوکراوه‌ته‌وه.

ڕووداوی ناو ڕۆمانه‌که (یــاد کچه بێ مێژووه‌که)، سه‌ره‌تاکه‌ی له کوردستانی باشور(عێراق)ه‌وه ده‌ست پێده‌کات، به کوردستانی خۆرهه‌ڵات، پاشان له هۆڵه‌ندا کۆتایی دێت، باس له لاپه‌ڕه‌کانی مێژوویه‌کی ڕه‌شی ڕژێمی عێراق ده‌کات، له‌سه‌رده‌مێکدا، که خۆی ده‌سته‌ڵاتی ڕه‌های به‌سه‌ر عێراقدا هه‌بووه، پاکتاوی ڕه‌گه‌زی به‌رانبه‌ر به گروپێکی تایبه‌تی وه‌ک کورد و تورکمان و که‌مایه‌تیه‌کانی دیکه‌ی عێراق ئه‌نجام ده‌دا، پرۆسه‌ی ئه‌نفال و جینۆسایدی به چه‌کی کۆمه‌ڵکوژ له‌سه‌ر ئه‌و گه‌لانه تاقی ده‌کرده‌وه.




کورته‌یه‌ک له ژیاننامه‌ی نوسه‌ر:

* دکتۆر سه‌روه‌ر مسته‌فا جوانڕۆیی ساڵی 1962 له سلێمانی له دایک بووه.
* دوای ته‌واوکردنی خوێندنی ئاماده‌یی، چۆته کۆلێژی پزیشکی زانکۆی به‌غدا.
* له کۆتایی ساڵی 1986–1987 کۆلێژی پزیشکی ته‌واو کردووه و وه‌ک پزیشک له نه‌خۆشخانه‌کانی وڵات کاری کردووه.
* له ساڵی 1989 ه‌وه هاتۆته هۆڵه‌نده و هه‌میشه له باکوڕی هۆڵه‌ندا ژیاوه، به زۆری له شاری خرۆنیگن.
* له کۆتایی ساڵی 1992 دا جارێکی دیکه، بڕوانامه‌ی پزیشکی له هۆڵه‌نده وه‌رگرتۆته‌وه، له زانکۆی(Rijksuniversiteit) له شاری خرۆنیگن.
* له ساڵی 1993 ه‌وه له نه‌خۆشانه‌کانی شاری لیواردن و شارۆچکه‌ی wagenborgen له ڕوژهه‌ڵاتی شاری Groningen و شارۆچکه‌ی Zuidlaren وه‌ک پزیشک و توێژه‌ری لێکۆڵینه‌وه کاری کردووه.
* ساڵی 1998– 2002 پسپۆڕی له نه‌خۆشیه ده‌روونییه‌کاندا وه‌رگرتووه.
* ساڵی 2002– 2008 پسپۆڕی پزیشکی ده‌روونی بووه، له به‌شی ته‌نگه‌ژه ده‌روونیه‌کانی نه‌خۆشخانه‌ی Zuidlaren و FPA.
* له 1 ی نۆڤه‌مبه‌ری 2008 ه‌وه پزیشکی ده‌روونیی بووه له نه‌خۆشخانه‌ی (Martini) له شاری خرۆنیگن، به‌شی نه‌خۆشخانه ده‌روونییه‌کان.

دکتۆر سه‌روه‌ر مسته‌فا جوانڕۆیی، جگه له‌وه‌ی وه‌ک پزیشک و ڕۆماننووس له هۆڵه‌ندا ناسراوه، که‌سێکی ئه‌کتیفه له بواره‌کانی دیکه‌ی نووسین و ڕێکخراوه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نیدا و له زۆربه‌ی چالاکییه‌کاندا به‌شداری ده‌کات و له بۆنه نیشتمانی و نه‌ته‌وه‌یه‌کاندا، ڕۆڵی گرنگ و کاریگه‌ری بینیووه، یه‌کێک له توێژینه‌وه گرنگه‌کانی باسێکی سیاسی بوو، که به داتاشۆ له‌سه‌ر مێژووی کۆن و نوێ و سه‌د ساڵه‌ی گه‌لی کورد له ناوچه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا، له هۆڵی دبالی پێشکه‌شی کرد و هه‌روه‌ها ئاوڕێکی له سه‌ر مێژووی هه‌ر 9 پرۆسه‌که‌ی جینۆسایدی ئه نفال دایه‌وه، که له مانگی شوباتی 1988 تا ئه‌یلولی 1988 له ناوچه ئازدکراوه‌کانی کوردستانی باشووردا ڕوویاندا، هه‌روه‌ها له باسه‌که‌یدا ئاماژه‌ی به‌وه دا، ئه‌و زه‌خیره‌ی زانیاری و کاره‌ساتانه، بوونه‌ته بابه‌تی سه‌ره‌کی ڕۆمانه‌که‌ی..

بۆ زانیاری زیاتر ده‌رباره‌ی نوسه‌ر و ڕۆمانه‌که‌ی ده‌توانن سه‌یری ئه‌م لینکی فه‌یسبوکه‌که‌ی بکه‌ن:

https://www.facebook.com/sar.war.186?fref=ts

# چەند ڕاستییەك لەبارەی درۆ!*

مزەفەر عەزیز



لە نێوان هەر دە خولەکێکدا بەتایبەتی لەسەردەمی لاوێتیدا درۆیەک لە دایکدەبێت! درۆیەکەش بەزۆری لەگەڵ دایکان و باوکاندا دەکرێت و بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان بەکاردەهێنرێت،لە دوای هەرزەکاریشدا درۆکردن هەر دەمێنێ، زانایان چەند ڕاستییەک ئاشکرا دەکەن و لێرەدا هەوڵ دەدین بیانخەینە بەرچاوان:-

*بۆچی درۆ دەکرێت؟

تاکو خۆمان وا نیشانبدەین کە هەین و لە هەمووان باشترین، ئەمەش لە بەرامبەر (بەڕێوەبەر، هاوڕێ، هاوسەر) مەبەستیش زیاتر خۆدەرخستنە. لەسەر لاپەڕەکان و سایتەکانی ئینتەرنێت لە%٩٠ی پرۆفایلەکان گەر بچوکیش بێت بەشێک لە درۆ هەس، لەوانە: (تەمەن، کێش، باری خێزانی)، بۆیە لێکۆڵەرەوەکان وای بۆ دەچن، کە لە گێڕانەوەی مێژووی ژیانی تاکە کەسیش لە ٤٠% درۆهەیە.

## *ئایا درۆ هەمیشە خراپە؟

نەخێر! درۆ هەندێ جار وەک تەپسکردن و حەشاردان بەکاردێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە گەر بێت و ڕاستیەکان بدرکێنرێن، جا ئەمە لە ژیانی تایبەتی بێت، یا لەسەرکار و ژیان بە گشتی بێت، ئەوا خود یا بەرامبەرەکە بریندار دەکەیت، بۆیە هەوڵدەدرێت بارەکە بەشێوەیەکی تر پیشانبدرێت. درۆ وەک شەیەکی نەخوازراو و ناحەز لە نێو هەموو میللەتان و بگرە لە ئایینەکانیشدا بە ناشرین، باسی لێوە کراوە، وەک دەگوترێ: درۆ دوژمنی خودایە، یا لە ناو کوردان لە پەندەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و دەڵێین: پەتی درۆ کورتە، دیارە ئەم پەندە لە ناو هەندێ نەتەوە، بەتایبەتیش ئەورووپییەکان بۆ هەمان مەبەست و بەشێوەیەکی تردەگوترێ (-درۆ قاچەکانی کورتن-، لەبەرئەوەی لە پێشبڕکێدا هەمیشە ڕاستی قاچی درێژترە و پێشی دەکەوێت!).

هەندێجار درۆ بەسەر دوو بەش دروی سپی، کە زەرەری بۆ کەس نییە و درۆی ڕەش، کە زیانبەخشە دابەشدەکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا درۆ هەر درۆیە! بۆیە هەندێ دەستەواژە هەن زۆر بەکارهاتوون و سواون لە درۆکردندا، زانایان وای بەباش دەزانن، ئیدی نەگوترێنەوە لە شوێنی ئەواندا دەستەواژەی تر بەکاربهێنرێن چاکترە وەکو: بۆ دواکەوتن ئیتر نەڵێن شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلم دەستنەکەوت، بەڵکو هەوڵمدا دوا نەکەوم، یا بۆ داوەتکردنی نان خواردن، گەر نەتویست بچیت، لە جیاتی ئەوەی بڵێیت نەخۆشم، باشترە بڵێیت دەبێت لەگەڵ ماڵەوە بچمە دەرەوە، یا بۆ سەرکار چیتر مەڵێ کەسێکمان مردوە، یا بۆڕی ئاو شکاوە، بەڵکو بڵێ کەسێکم نەخۆشەو دەیبەم بۆ دکتۆر یا بۆ فەرمانگەیەک، گەر پارەی پسوڵەیەکت نەدا، یەکسەر بڵێ لە دوێنێوە ناردوومە.

لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستیدا دەرکەوتووە، کە گەورەکان لەنێوان هەر دە خولەکێکدا درۆیەک دەکەن! واتا لەماوەیەکی کورتی ئاخاوتندا سێ جار درۆ بەدیدەکرێت، (دیارە مەبەست لێرەدا زیادەڕۆییشە)، درۆ زیاتر لە تەمەنی١٨-٣٤ دەکرێت و دیارە ئەمەش لە ژێر فشاری ڕۆژگار دەکردرێت، جا ئەمە لە ژیانی تایبەتی یا بەهۆی ئیش و کارەوە بێت.

## *کەی کاتی ئەوەیە درۆ بکرێت؟

کاتێک ڕاستییەک ئاژاوە و کارەساتێکی لە درۆ گەورەتر دروست دەکات،

پیاوێک لە ڕاستیدا دەیەوێت لە هاوسەرەکەی جیابێتەوە، بەڵام کارەکە دوادەخات، چونکە لەوکاتەدا هاوسەرەکەی سەرقاڵی خوێندنە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەک، گەربێت و پیاوەکە جاڕی لەجیابوونەوەکە ببوڕێ و کەمێک چاوەڕێ بکات تا سەرجەم تاقیکردنەوەکانی بەئاکام دەگەیەنێت و سەرکەوتوو دەبێت، ئەوا ئاشکرایە پیاوەکە لەوکاتەدا درۆ دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا درۆیەکە یارمەتییەکە بۆ هاوسەرەکەی.

وەختێک هەستت کرد، درۆ درۆ ڕادەکێشێت و درۆی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەک: بۆ بەدەست هێنانی هەلی کارێک خۆت بکەی بە پسپۆری بوارەکە، دواتر بۆ سەلماندنی قسەکەت بڕوانامەی ساختە ئامادە بکەیت، لێرەدا وا باشترە هەر لەسەرەتاوە بارودۆخی خۆت بەیان بکەیت.

# کەی دەبێت درۆ سنووردار بکرێت؟

## کێ زیاتر دووچاری درۆکردن دەبێتەوە؟

ئەو کەسانەی دەیانەوێت بەرامبەرەکانیان دەستخەرۆ بدەن و هەڵیانخەڵەتێنن، پسپۆڕانی زانکۆی تۆرینتۆ ئەوەیان سەلماندووە کە: هەرکەسێک بڕواو متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێت و کەسێکی ڕاشکاو و کراوە بێت، ئەوا زووترو ئاسانتر درک بەوکەسانە دەکات.

*کەی درۆ کردنی پێویستە؟

هەندێ ڕاستی زۆر بەئازارهەن، ڕەنگ بێت بەهۆی درۆوە کەمێک هەتوان بکرێن، لێرە سێ شێوەی درۆ باسدەکەین:-

١- لەگەڵ خۆشەویستەکەت گەر هەڵەیەکت کرد، زۆرجار ویژدانت نا ئارامەو دەتەوێت دەریببڕیت لەچاوەڕوانی ئەوەدا کە ئەویش لێتخۆشبێت و لێت ببورێت، بەڵام بەهۆیەوە بەرامبەرەکەت ئازارێکی زۆر دەچێژێت و ناتوانێت دۆخەکە بگەڕێنێتەوە و چاک ببێتەوە، باشتر وایە خۆتی لێ لابدەی بەمەرجێک لە ئایندەدا کاری وا هەرگیز دووبارە نەبێتەوە و بنبڕبکرێت.

٢-کاتێک منداڵیک وێنەیەک دەکێشێت و نیشانتی دەدات، لەڕاستیدا تۆ پێت جوان نییە، خۆی دەبێت لێرەدا ڕاستگۆبیت! بەڵام وا باشترە، منداڵەکە هان بدەیت و بەسەرییکەیتەوە و دڵشادی بکەی، کە کارەکەی ئەو جوانە و لەدوا ڕۆژدا دەتوانێت کاری باشتریش بکات.

٣- گەر کەسێک بیەوێت ڕات وەرگرێت.

- ئایا من پیرتر بووم؟

- ئایا من زۆر قەڵەوم؟

لەم شێوە پرسیارانە، ئەوا تۆ بێگومان ڕاستییەکە دەزانیت، بەڵام پیاهەڵدانێکی کەم، دەبێتە هۆی دەربازکردنی ئەو لەو بارە دەروونییە.

*جوڵەیەکی بچوک و ئاماژەیەکی مەزن.

## چۆن درۆ دەناسیتەوە؟

ئەوەی درۆ بکات جا درۆزان بێت یا درۆزن، ئەوا لووتی درێژ دەبێت! دیارە ئەمە لە وێنە کاریکاتۆرییەکاندا باوە، بەڵام ئاماژەی بەرچاوی لەش هەن ئەوە نیشان دەدەن، کە کەسێک لە بەرامبەرتدا خەریکی درۆ کردنە.

-دەست گوشین بە کتوپڕی و پەنجە لەیەک ئاڵاندن،

کەسێک بەشێوەیەکی توندو لەناکاو دەست و پەنجەکانی بگوشێت، ئەوا هێمایەکە و دەکرێ وا لێکبدرێتەوە کە دەمارەکانی گرژبوون و بەرەودرۆکردنی دەبات.

- تف قووتدان

گەر یەکێک درۆ بکات و نکوڵی لێبکات، ئەوا درۆکەی قووت دەداتەوە!

- سووری خوێن،

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، لەکاتی نائارامی و دوودڵیدا، درۆزن والێدەکات کەڕەنگی سووربێتەوە یاخود سەری کەپوی سوورهەڵگەڕێت، ئەمەش ئاماژە و هۆکارێکی ترە، هەربۆیەشە هەندێجار خێرا پەنجە بۆ لووتی دەبات.

- سەیرکردن، درۆزنەکان زۆربەی جار ناتوانن ڕاستەوخۆ سەیری چاوت بکەن و لەپڕ لە سەیرکردن دادەبڕێن.

## زیاتر درۆ لەگەڵ کێدا دەکرێت؟

بەپێی ئامارێکی زانستی، لەگەڵ هاودەمی ژیان بەڕێژەی ٦٩%و، دایک و باوک ٨٦% و هاوڕێکان ٧٥%، لەگەڵ خوشک و برا٧٣%، درۆ دێتە بوون، هەمووشیان درۆن بۆ کارێکی پێویست، وەک (ئەها بەڕاستی نەمتوانی پەیوەندی بکەم، چونکە کاتم نەبووا!)، یا زیادەڕۆییەکی لەڕادەبەدەر، کە ئەویش هەر دەچێتە قاڵبی درۆکردنەوە مەبەست لێی ئامادەیی نیشاندان و یارمەتیدان و ڕازیکردنی بەرامبەرە، (هەر چیت پێویست بوو، تورە دەبم پێمی نەڵێیت من لەخزمەتدام!!)، یا(تۆ بەس تەلەفونێک بکەو تەواو! ڕقت لە کێیە پێم بڵێ!)، یا(ئەو خواردنەی تۆ ئامادەی دەکەی هەمیشە خۆشە!).

# ٢ چەند ڕاستییەک لەبارەی درۆ!

## ژنان بەشێوەیەکی تر لە پیاوان درۆ دەکەن؟

ئەوەی تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە، سەبارەت بە درۆکردن لای پیاوان و ژنان، ئەوەیە پیاوان زیاتر بۆ خودی خۆیان درۆ دەکەن، بەڵام ژنان بۆ کەسانی تر، پیاوان بە زۆری لەم بوارانەدا و بۆئەم شتانە درۆ دەکەن:- (خۆدەرخستن و خۆنیشاندان، بەدەستهێنانی داهات و سەرمایە، کێش و قەبارەی لەش)، ئەمانەش بەکاردەهێنرێت لەبەرامبەر ژن، تاکو پەیوەندی لەگەڵ دروستبکات، یان بۆ خۆ دەربازکردن لە کارێک، بۆ نموونە (وا نیشانی دەدەیت کە تۆ پیاوێکی ڕووخۆش و باشیت، لەکاتێکدا ئەو ژنەت نەک هەر خۆشناوێت، بەڵکو ڕقیشت لێیەتی.!!

کەی درۆ سەردەردێنێت؟

لە دەوروبەری تەمەنی چوار ساڵییەوە منداڵان هانای بۆ دەبەن، ئەویش زیاتر هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە سزادان، بۆ نمونە؛ [ڕەنگە دزییەکی کردووە، یا شتێکی شکاندووە، یابەبێ پرس شتێکی خواردووە.] منداڵان لە دوای تەمەنی ١٠ ساڵییەوە دەتوانن درۆکان لەیەک جیابکەنەوە و مەبەستەکان بناسنەوە و بزانن کەی درۆ دەکرێ؟ و بۆ دەکرێ؟ و کەی ناکرێت؟.

## چۆن منداڵ پەروەردە بکرێت بۆ ڕاستیی گوتن؟

دیارە دەبێت لەسەرەتادا دایکان و باوکان خۆیان ڕاستگۆبن! چونکە زۆرجار ئەوان دەرگای درۆ بۆ منداڵان واڵا دەکەن. دەبێت وا پەروەردە بکرێن بۆ نموونە:- نابێت بڵێین کە باپیرە بۆنی دەمی دێت، گەروات بە منداڵەکە گوت پرسیاری لا دروست دەبێت و ئیتر دەبێ لەڕاستی لابدەی، بۆیە واباشترە وا لەمنداڵان بگەیەنرێت کە هەندێ شت تایبەتە بە خودی خۆیان و پێویست ناکات دەربڕدرێن و باسبکرێن، بۆیە لەسەرئەمە پێویست ناکات درۆبکەی. منداڵ چۆن فێربکرێت وا دەردەچێت، لەکۆتایی بۆ بزەی لێوانتان، (ماڵێک میوانێکی ناوەختیان دێت و چەند کاتژمێرێک دادەنیشن، بەڵام هەواڵی نان خواردن نییە و میوانەکانیش تا دێت برسیەتی زیاتر تینیان بۆ دەهێنێت، بۆیە ناچار خۆیان لە منداڵی ماڵەکە نزیک دەکەنەوە و دواتر پرسیاری لێدەکەن: ئەرێ ئێوە کەی نان دەخۆن؟ منداڵەکەش زۆر بەڕاشکاویەوە دەڵێت: دایکم گوتی تا ئەو میوانە ناوەختانە نەڕۆن نان ناخۆین!!!!

ئەمەی سەرەوە چەند زانیارییەکی گشتی بوون، سەبارەت بە درۆ، هیوادارم کەسمان پەنا بۆ درۆ نەبەین و ڕاست و ڕەوان بەردەوامی بە ژیان بدەین.

لە پەیجی ئەلکترۆنی کاک (مزەفەر عەزیز)ەوە وەرگیراوە.

# مەلاش هەڵە دەکات...!

## نوسینی دانا هەڵەبجەیی- دینهاخ

تازە دەبووم بە هەژدە ساڵ، سیمینارێکم سەبارەت بە هونەرمەندی میللی هەڵەبجە، بە ناوی مینەی لولک ژەن و ژیانی خۆی و هونەر لە ماڵی پاشا و کاریگەری لە سەر هۆشیاریی گەل، بە ناوی (خاڵە مینە و سۆزی شمشاڵەکەی) لە ساڵی 1983 لە هۆڵی رۆشنبیریی جەماوەر لە هەڵەبجە سازدا، کە کاک ئازاد ساڵح کۆڕەکەی بۆ بەڕێوە دەبردم.

لە پاش خوێندنەوەی بابەتەکەم، دەرگای پرسیار و مشتومڕ بۆ میوانەکان کرایەوە، برادەرێکی شیوعی ئەوەندەی دەیویست ئەحمەد موختار جاف وەک کەپیتاڵستێکی فیوداڵ وێنا بکات و لە قاڵبی بیری سۆسیالیستی و هونەری بەرهەڵەستی بدات، لە تاوا ئاگای لە خۆی نەمابوو، زوو زوو دەیگوت: لولەی مینەک ژەن، لە بری ئەوەی بڵێت؛ مینەی لوک ژەن..... خەڵکەکەش تەنیا بەو هەڵەیە سەرسام ببوون، کە بەڵکو بێتە هۆشی خۆیی و ڕاستی بکاتەوە، بەڵام بێ سود بوو هەر دەیگوت؛ لولەی مینک ژەن.

شەجەریان هەرچەند لە لوتکەی هونەری فارسیی و ئێرانییدایە، بەڵام شیعرێکی سەعدی بەهەڵە دەخوێنێت، لە بری ئەوەی بڵێت:

برو ای گدای مسکین و دری دگر طلب کن

کە هزار بار کفتی و نیامدت جوابی

دەڵێت: کە هزار بار (گفتی) و نیامدد جوابی، کە ماناکەی هەموو دەگۆرێت، لەبری ئەوەی بڵێت:

برۆ ئەی سواڵکەری داماو لە دەرگایەکی دی بە

کە هەزران جار کوتات و وەڵامێکت بۆ نەهات

بە هەڵە لەباتی (کفتی)، وشەی (گفتی) بەکار دەهێنێت، کە بە کوردییەکەی لە بری کوتان و لێدان، وشەی گوتن بەکار دەهێنێت، کە کۆپلە شیعرەکەی سەعدی وا لێدەکات:

برۆ ئەی سواڵکەری داماو لە دەرگایەکی دی بە

کە هەزران جار گوتت و وەڵامێکت بۆ نەهات.

عەلی مەردان، ئەویش شیعرەکەی فایەق بێکەس بەهەڵە دەڵێتەوە، لەبری ئەوەی بڵێت:

تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە

منیش دەربەدەر بە شارانەوە

دەڵێت:

تۆ یۆڵ و سەرگەرد بە ئاسمانەوە

منیش دەربەدەر بە شارانەوە.

یا عوسمان عەلی لەبری ئەوەی بڵێت:

تا نامەیەکی داوە پێی

دەڵێت:

تەنەمەیەکی داوە پێی!.

یا شەوکەت ڕەشید لە گۆرانییەکدا ئەوەندە بە شێواوی و خێرا دەیڵێت کە کاتی خۆی وەک نوکتە و مەتەڵی لێهاتبوو. لە بری ئەوەی بڵێت:

کێ ئەڵێت تۆبە بکە لە مەی

دەڵێت: کێ ئەڵێت تۆ بەکەلەمەی

ئەوە لەوە گەڕێ کە ڕۆژانە ئەم وشانە بە هەڵە دەبیستین: ئیستەنبوڵ ئەکەنە ئیستەمبوڵ، یۆنان دەکەنە وێنان، باڵانبۆ دەکەنە باڵامبۆ،



مەسج دەکەنە مەساج، ئاسایش دەکەنە ئاشایس، دێنهاخ دەکەنە دانهاخ، هۆشیار دەکەنە وشیار، عەلمانی(سیکۆلار) دەکەنە عیلمانی، سۆشیالیست دەکەنە شۆسیالیست، قەرە خەرمان دەکەنە قەلە خەرمان..... کەواتە ئاساییە کە وشەیەک، گوزارشتێک، دەستەواژەیەک بە هەڵە لە زارمان دەرچێت، بەڵام ئاسایی نییە کە ناومان دیموکراسی بێت و هەرگیز دیموکراسی نەبووین و نەبین، ناومان یەکێتی بێت و بەس یەکێتیمان تێدا نەبێت و دوو پارچەمان لێبێتەوە، ناومان سۆسیالیست بێت و خێڵەکەی بین، ناومان یەکگرتوو بێت و کەچی وەک گەڵای دار هەڵبوەرین، ناومان گۆڕان بێت و لە شوێنی خۆمان هەڵوڕە بکەین..... یا وەزیر و ئەندام پەرلەمان بیت و بە زمانی لاکۆلان و شەقام ئاخافتن بکەیت، ئەیا ئەگەر ئەمانە بە زمانی نووسین و فەرمی قسە نەکەن، ئەی کێ بیکات؟. مەلا و ئەم بانگخوازە لادێیانە (زۆربەیان پاشگری کوێرە دێیەکیان پێوەیە)، ئەوەندە هەڵە دەکەن، ئیتر ئەوانیش ئاسایی بووە کە هەڵەی گەورە بکەن. کار هەر لە هەڵەدا نەماوە، بەڵکو نەک هەر قوڕیان بەسەر زمانی کوردیدا کردووە، هۆش و بیری مێردمنداڵان و گەنجانیشیان بە لیتەی جەهل و خورافیات، سواغ داوە. لە کەناڵەکان ڕۆژانە هەڵەی زمانەوانی بەرچاو دەبینرێت، ئەوە هەڵەی دیکتە و گراماتیکیش ڕۆژانە فەیسبووک و سایتەکان، کەچ بارانمان دەکەن. ئیتر کە دەزگای سانسۆر و بەدواچوونی فەرهەنگی و زمانەوانیمان نەبوو، حاڵمان لەوە باشتر نابێت کە ئێستا تێیدا داتەپیوین.

# نوسەری کورد ئیبراهیم سەلمان دوو ساڵ شاعیری شارەوانی ئەمستردام بووە

نوسەر و فلیمساز و هونەرمەند و ڕۆمانووسی کورد ئیبراهیم سەلمان، کە لەسەرەتای سالآنی هەشتاکانەوە لە هۆڵەندا دەژی، سەرەتای دەستپێکردنی نووسینی بە زمانی کوردی، بە شێوەزاری کرمانجی سەروو بووە، پێش هاتنەدەرەوەی دوو کتێبی بە کوردی بڵاوکردۆتەوە. کە گەیشتۆتە هۆڵەندەش، ڕاستەوخۆ بەشداری چالاکی هونەری و ئەدەبی کردووە، سیناریۆی بۆ چەندین فلیم نوسیووە و خاوەنی چەندەها ڕۆمان و دیوانە شیعرە بە زمانی هۆڵەندی، دوو ساڵ شاعیری شارەوانی باکوڕی ئەمستردام بووە.




## شاعیری دیوان

میری ئیمانداران بڕیاریدا من بکات بە شاعیری دیوانی خۆی

ئیستە منم شاعیری دیوانی ئەو من دەتوانم کەنیزەکەکانی بۆ هەڵبژێرم..

لەناویان بخەوم... سەمایان لەگەڵ بکەم

بە قاقای پێکەنیان مەست بم

لە کاتێکدا بە کەناری کۆستە بلانکا پیاسە دەکەم

ئەوانە وەکو خەونێک دەدەبینم

کە دەڕۆم... هەموو جارێ باکوڕی ئەمستردام لەگەڵ خۆم دەبەم

ڕوباری باکوڕی هۆڵەندە لە ناو جانتای گەشتەکەمدا

سەرەو خوار هاژە دەکات.

(گۆڕستانی باکوڕ) یش، خۆی تێیدا بچووک دەکاتەوە

بەلەمەکە، ڕووباری ئای و ئاشی باکە..

خۆیان لە ناو گۆرەویەکانم دەشارنەوە...

پاسکیل سورەکان سیمفۆنیەکی زیاترم پێدەبەخشن و

شەماڵ سیەکانی خۆی پاکژ دەکاتەوە

من لە خەونەکانم رادەبم ڕاستیەکان ڕووت دەبنەوە، سەما دەکان..

تێدەگەم سەرۆکی شارەوانی شازادە نیە

نە پەری لە دەورە.. نە کۆتر....! تەنانەت لە ڕاستیدا هەر دیوانیشی نیە

ئیتر چۆن بتوانم هۆنراوە بنوسم.. ئەمە لەخۆم دەپرسم....!

ئایا ڕۆحی وێلم دەفرێت...! بەسەر خوێندنگاکان و گۆڕەپانی وەرزش و
ناوبازاڕ و شوێنە دوورەکاندا.
لە کتێبخانەکاندا.. دەمەوێت هاوار بکەم

لێرەدا...کتێب بۆ خوێندنەوەیە ژن بۆ خۆشەویستیە
ریش بۆ تاشینە

ببورن داواتان لێ دەکەم ئیترچرکەیەک بیربکەنەوە...

**Dichter van het Hof**

De prins van gelovigen
heeft me benoemd

ik ben de dichter van het hof
zijn harem mag ik kiezen
er tussen bivakkeren
de giechel en de buikdans
illustreer
ik fantaseer zwoele nachten
langs Costa Blanca

Op reis gaat Amsterdam Noord
altijd mee
het Noord Hollandse kanaal
stroomt door mijn koffer
Noorder begraafplaats maakt zich klein
de Pont, het JI en de molen
verbergen zich in mijn sokken

Als bromfietsers hun symfonie opvoeren
de frisse lucht zijn longen uithoest
ontsnap ik uit mijn dromen
de waarheid danst
naakt
de stadsdeelvoorzitter is geen prins
geen harem, geen hammams
niets siert het hof
sterker nog: er is geen hof
'hoe kan ik dan dichten', vraag ik me af

Mijn zwervende ziel zou gaan vliegen
over scholen

over sportvelden

over gebedshuizen en markten

vanuit de bibliotheken wil ik roepen:
'boeken zijn er om te lezen
vrouwen om te beminnen

baarden om te scheren'

Gaarne, een moment van bezinking!


## نوسینی تاراوگە لە لایەن (مامۆستا محەمەد زادە)وە

لە ڕێگەی هاوکارمان بەڕێز کاک حەمید بەدرخان سەرۆکی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانیی و کەلتور، هونەرمەند و خۆشنووسی ناسراو مامۆستا محەمەد زادە، بەو سێ جۆرە خەتەی سەرەوە و بە سێ مانشێتی جیاواز، بڵاوکراوەی تاراوگەی بۆ نوسیووین، ئێمە وێڕای سوپاس و پێزانیمان بۆ کاک حەمید بەدرخان و گرنگی پێدانی بە بڵاوکراوەی تاراوگە، کە زۆر مەبەستێتیی بە جوانترین و باشترین شێواز و با ناوەڕۆکێکی پڕ و دەوڵەمەندانەی ئەوتۆوە دڵ و دیدەی خوێنەرانی گەش بکاتەوە و هەمیش لە کاتی خۆیدا دەربچێت.

جارێکی دیکە سوپاسی کاک حەمید بەدرخان دەکەین، سوپاسی سەرنج و پێشنیارەکانی دەکەین، بێ گومان بێ پشتگیری و هاوکاری نوسەران و ڕۆژنامەنووسانی دیکە هەرگیز تاراوگە ناتوانێ بکەوێتە سەر پێی خۆی، داواکارین هەمووان درێخیمان لێ نەکەن.

لێرەشەوە سوپاس و پێزانینی زۆرمان بۆ هونەرمەند و خۆشنووسی ناسراو مامۆستا محەمەد زادە، داوای تەمەندرێژی و تەندروستی باشی بۆ دەکەین.

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



### هونەرمەند محەمەد ئیسماعیل

لەدایک بووی 25 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1971 هەولێرە، دەرچوی ئامادەی پیشەسازی بەشی کارەبای ساڵی 1990 –1991ە.

دبلۆمی لە پەیمانگەی تەکنیکی کارەبایی لە شاری ئەمستردام وەرگرتووە، کۆلیجی هونەرەجوانەکانی خێریت ریتفێلد، بەشی فاین ئارتی تەواو کردووە.


ساڵی 1992–1995 بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو، بۆ گۆڤاری(هەنگ)ی منداڵان، وەک سەرپەرشتیاری هونەری و لاپەرە سازی کاری کردووە، ساڵی 1996 بە ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەک بەڕێوەبەر لە بەڕێوەبەرایەتی شێوەکاری دامەزرا.

ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانە، ئەندامی سانديکای شێوەکارانی ئایدا نیدرلاندە، لە هۆڵەندا.

ئەندامی سانديکای کولت، لە شاری ڕالتا– هۆڵەندا.

ئەندامی کۆمەڵەی ئارەزومەندانی فەلەکناسی کوردستانە، ئەندامی سانديکای هونەرمەندانی کوردستانە، بەشداری دامەزراندنی (دەستەی تەم)ی کردووە، کە لەلایەن هونەرمەندانی شێوەکار (سامان ڕەش، سەربەست عومەر، فاتیمە ئاخجەلەری و محەمەد ئیسماعیل)ەوە دامەزراوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هونەرمەند بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.youtube.com/user/amocraft?blend=2&ob=video-mustangbase










# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاوئەبێتەوە

TARAWGA

E-mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807